# سەرەتای گەشتێک لە پێناو ناسینی هەقیقەتی خوا لای نەصرانیەکان

## مقدمة لمعرفة حقيقة الله عند النصارى

< kurdish -كوردي - كردي >


دکتۆر ناجی کوڕی ئیبراهیم العرفج

الدكتور ناجي بن إبراهيم العرفج



وەرگێرانی: دەستەی بەشی کوردی لە ماڵپەری ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : فريق القسم الكردي بموقع إسلام هاوس

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# سەرەتای گەشتێک لە پێناو ناسینی هەقیقەتی خوا لای نەصرانیەکان

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە و میهرەبان و درودو صەڵات و سەلام بۆ سەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفی و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە ..

ئێستاش فورسەتمان بدەن، بگەڕێینەوە بۆ بابەتی ئەو پەیامەی کە پێشتر باسمانکرد، وە چەند دەقێك لە ئینجیل و قورئانی پیرۆز وەربگرین کە باس لە یەکخوایی پەروەردگارمان بۆ دەکەن.

بەڕاستی من لە کاتی خوێندنەوەو لێکۆڵێنەوەی چڕوپڕ لەسەر نەصرانیەت وگفتوگۆی زۆرم لەگەڵ نەصرانیەکان بۆم ڕوون بویەوە کە خوای گەورە ( اللە ) لای ئەوان وەك هەندێك کەسیان تەصەوری دەکەن بریتین لەمانەی خوارەوە :

یەکەم : خوای باوك .

دووەم : خوای کوڕ .

سێهەم : خوای ڕۆحی پیرۆز .

بۆیە وەك شتێکی سادە وساکار وبەدیهی ولۆژیکێکی ساغ ودروست، کەسی لێکۆڵەوەر پەلکێش دەکەن بۆ چەند پرسیارێك کە ئاڕاستەی نەصرانیەکان بکرێت :

مەبەست چیە لە ووتنی ( اللە واحد ) خوا یەك خوایە، لە کاتێکدا ئێوە ئاماژە بۆ سێ خوا و پەرستراو دەکەن .

ئایا خوا یەك خوایە بەڵام لەناو سێ خوادا تواوەتەوە، یان سی خودان ولەناو یەك خوادا تواونەتەوە ( 1 لەناو 3، یان 3 لەناو 1 ) دا ؟

سەرەڕای ئەمەش، و بەپێی هەندێك بیروباوەڕی نەصرانیەکان، هەر یەك لەم سێ خوا وپەرستراوە کارو وەزیفە ووێنە وکەینونەی خۆیان هەیە، وەك لە خوارەوە ئاماژەی پێدەکەین :

1-الله و خوای باوك خالق ودروستكاره .

2-الله و خوای كوڕ ڕزگاركار وفریادڕەسە .

3-الله و خوای ڕۆحی پیرۆز ڕاوێژكار و پشتگیركاره .

ئەوەی واگومان دەبات كەوا مەسیح كوڕی خوایە، یان خوا وپەرستراو وبەشێك بێت لەخوا، تەواو پێچەوانەی ئەوەیە كە دەقەكانی تەورات وئینجیل دەیگەیەنن، چونكە دەقی ئەو كتێبانە دەڵێن : خوای گەورە ( الله ) هیچ كەسێك لە دونیادا نایبینێت، ئەمەش هەندێك لەو دەقانەیە :

" إنكم لم تسمعوا صوته قط ولم تروا وجهه " (انجيل يوحنا 37:5) .

واتا : ئێوە گوێتان لە دەنگی ئەو دەبێت، بەڵام هەرگیز ڕوخساریتان نەبینیوە .

" لم يره أحد قط ولا يستطيع أحد رؤيته " (الرسالة الأولى إلى تيموثاوس 16:6)

واتا : هیچ كەسێك هەرگیز نەیبینیوە، وە هیچ كەسێكیش ناتوانێت بیبینێت .

" لا أحد يراني ويبقى حيا " (الخروج 20:33).

واتا : هیچ كەسێك نامبینێت و بەزیندوویش بمێنێتەوە .

لەسەر ئەساسی ئەم دەقانە وغەیری ئەمانەیش، زۆر بە سەر سوڕمان وڕاستگۆی وئەمانەتەوە دەپرسم، چۆن دەتوانرێت تەوفیق بكرێت لەنێوان ووتەی ئەو كەسانەی كە عیسی بەخوا دەزانن، لەگەڵ ئەو دەقانەی ئینجیل كە پێداگری دەكەن لەسەر ئەوەی هیچ كەسێك نیە خوا ببینێت، وە یان گوێی لە دەنگی خوا بێت ..

ئایا جولەكەكان لەكاتی خۆیدا خێزان وشوینكەوتوانی عیسایان نەبینی، ئایا عیسای مەسیحیان نەدی و گوێیان لەدەنگی نەبوو ( ئەو خوا كوڕەی كە ئەوان باوەڕیان پێیەتی ) .

ئایا چۆن تەورات و ئینجیل بڕیاری ئەوە دەدەن كە خوا ( الله ) نابینرێت و كەسیش گوێی لە دەنگی نابێت، كەچی پاشان كەسێك دێت وباوەڕی وایە ئەو ( عیسی ) یەی كە بینویانە و گوێیان لەدەنگی بووە خوایە یان كوڕی خوایە ؟ ئایا لێرەدا نهێنیەك هەیە كە پەیوەست بێت بە هەقیقەتی خواوە ؟

بەڵام بێگومان تەورات تەئکید لە پێچەوانەی ئەمە دەکاتەوە، ئەوەتا لە تەوراتدا لە خوای گەورەوە نقڵی کردووە کە دەڵێت : " إنني أنا الرب وليس هناك من إلٰه آخر. وإنني لم أتكلم بالسر ولم أجعل هدفي مستترا .. إنني أنا الله وإني أنطق بالحق، وإنني أعلن ما هو صدق " (إشعياء 19:45) .

واتا : بێگومان من پەروەردگارم، جگە لە منیش هیچ پەروەردگار و پەرستراوێکی تر نیە، بێگومان من بە نهێنی لەگەڵ هیچ کەسێك قسەم نەکردووە، وە ئامانجی خۆمم پەنهان نەکردووە، بێگومان من ( اللە ) و پەرستراوم، وە منیش بە هەق وڕاستی دەبێژم، وە بێگومان ئەوەی ڕاست بێت ئەوە ڕادەگەیەنم ...

سەرچاوە : کتێبی تەنها پەیامێك ( رسالة واحدة فقط ).